حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جهاز الإشراف و ضمان الجودة
مديرية الصحة والسلامة

ژمارە: ١/١/٤٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٤ ی زایینی / ٢٧٢٤ی کوردی

سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک
ژمارە: ٥٨٨١
ڕێکەوت: ٢٠٢٤/٩/١٧
وەرگرتە

بۆ/ گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (حکومی / تایبەت) / نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی/ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە

گشت کۆلێژ و پەیمانگە تایبەتەکان/ نوسینگەی بەڕێز ڕاگر

## ب/ ڕێکارەکانی تایبەت بە بەشەناوەخۆیی

سڵاو و ڕێز ...

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەمەبەستی سەلامەتی و پاراستنی ( مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابی و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان) کە لە بەشەناوەخۆییەکانی سەر بە وەزارەتەکەمان نیشتەجێن، هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا بفەرموون بە ڕێکارەکانی تایبەت بە بەشەناوەخۆییەکان. بۆ کاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا ...

- هاوپێچ : ڕێکارەکانی تایبەت بە بەشەناوەخۆیی.

پ.ی.د. محمد حسين احمد
سەرۆکی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری

وێنەیەک بۆ:
- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر / بۆ زانین /لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/نوسینگەی بەڕێز سەرۆک/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی/لەگەڵ بەراییەکان.
- دەرکردە.

Address - Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
www.gov.krd
عنوان: أربيل، طريق كركوك، شارع هادي جاوشلي
ناونیشان: ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
Hs.directorate@mhe-krg.org

## ڕێکارەکانی تایبەت بە بەشەناوەخۆیی

**یەکەم: مەرجی وەرگرتنی بەشەناوەخۆیی بۆ قوتابی/ خوێندکاران:-**

١. ئەو قوتابی/ خوێندکارانە بەشەناوەخۆیی وەردەگرن کە لە زانکۆ حکومییەکان وەرگیراون، وە پێویستە لە هەمان ئەو زانکۆیە بخوێنێت کە لە بەشەناوەخۆییەکەی نیشتەجێیە.

٢. پێویستە مەودای دووری شوێنی نیشتەجێبوونی قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگە دوور بێت کە نەتوانێت ڕۆژانە و بە ئاسانی هاتوچۆ بکات.

٣. قوتابی/ خوێندکار بەڵێنامەیەک پڕبکاتەوە و واژۆ بکات بۆ ئاگاداربوون لە تەواوی ڕێنمایەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕەفتاری نەشیاو، زانکۆکان دەسەڵاتیان هەیە بەڵێنامەی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

٤. پێویستە قوتابی/ خوێندکار گوێڕایەڵی تەواوی یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ و پەیمانگە و بەشەناوەخۆییەکان بێت و ڕێز لە ئاداب و نەریتە گشتیەکانی کۆمەڵگا و ئازادییە کەسیەکان بگرێت.

**دووەم: ئەرکی بەڕێوەبەری بەشەناوەخۆییەکان :-**

١. پێویستە لە تەواوی بەشەناوەخۆییەکاندا، ژمارە تەلەفۆنەکانی باری لەناکاو وەک (پۆلیس، فریاکەوتن، ئاگرکوژێنەوە، ئەمبولانس) هەڵواسراوبێت.

٢. پێویستە ژوورەکانی بەشەناوەخۆیی ژمارە کرابن.

٣. پێویستە سەرجەم بەشەناوەخۆییەکان، موڵکی زانکۆ بێت یاخود کرێ، تابلۆی لەسەر هەڵواسراو بێت و تیایدا ناو و ژمارەی لەسەر نوسرابێت.

٤. ئامادەکردنی لیستی پێداویستی و کێشە و کەم و کورییەکان لە کۆتایی ساڵی خوێندن و پێشکەشکردنی بە سەرۆکی زانکۆ یاخود یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ، بۆ چارەسەرکردنیان پێش دەسپێکردنەوەی ساڵی نوێ ی خوێندن.

٥. دیاری کردنی تەواوی ستافی بەشەناوەخۆییەکانی کچان، وە دەبێت سەرجەم فەرمانبەرانیان لە ڕەگەزی مێ بن.

٦. دروستکردنی باجی تایبەت بە بەشەناوەخۆیی.



Scanned with CamScanner

٧. دابینکردنی پێداویستە سەرەتاییەکان بۆ قوتابی/ خوێندکاران ( ئاو، کارەبا ، هەوای گەرم و سارد).

٨. چاودێری کردنی لایەنی سەلامەتی بەشەناوەخۆییەکان لە سەلامەتی ( کارەبایات و بتلی غاز ، ئاو و ئاوەڕۆ ... هتد) بۆ دورکەوتنەوە لە حاڵەتی لە ناکاو یاخود نەخوازراو و هەروەها دابینکردنی پەیڕەی سەلامەتی لە تەواوی بەشەناوەخۆییەکاندا.

٩. بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی، سەردانی کافتریا و چێشتخانەکانی بەشەناوەخۆیی بکرێت و لە سەلامەتی خواردن و خواردنەوە و شێوازی کۆگا کردنی خواردنەکان دڵنیا ببنەوە.

١٠. دانانی کامێرای چاودێری لە دەوروبەری باڵەخانەکانی بەشەناوەخۆیی، بۆ چاودێری کردن و ئاگاداربوون لە ڕەوشی بەشەناوەخۆییەکان.

١١. پێویستە ئاگاداری و تەواوی ڕێنماییەکان لە بەشەناوەخۆییەکاندا لە ڕاڕەوەکان هەڵبواسرێت.

١٢. دابینکردنی بنکەی تەندروستی یاخود ئیسعاف بۆ حاڵەتی پێویست و نەخوازراو.

١٣. دڵنیا بونەوە لەو خواردن و خواردنەوانەی ئامادەکراوە، بە مەبەستی میوانداری کردنی قوتابیان/ خوێندکاران لە لایەن خێرخوازان یاخود هەر کەس و لایەن و ڕێکخراوێک بێت.

**سێیەم: ئەرک و لێپرسراویەتی قوتابیان/ خوێندکاران بەرامبەر بە بەشەناوەخۆیی:-**

١. گوێڕایەڵی تەواوی یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ و پەیمانگە و بەشەناوەخۆییەکان بێت و ڕێز لە ئاداب و نەریتە گشتیەکانی کۆمەڵگا و ئازادییە کەسیەکان بگرێت.

٢. قوتابی/ خوێندکار دەبێت کەل و پەل و دیوار و تەواوی ئەو پێداویستیانەی لە ناو باڵەخانەی بەشەناوەخۆییدا هەیە بیان پارێزێت و زیانیان پێنەگەیەنێت.

٣. پێویستە قوتابی/ خوێندکار ناسنامەی یاخود باجی تایبەت بە بەشی ناوەخۆیی ببەستێک لە کاتی هاتنە ژوورەوە و دەرچوونی.

٤. پێویستە قوتابی/ خوێندکار فۆرمێک پڕبکاتەوە و واژووی بکات، سەبارەت بە سەرجەم ئەو کەل و پەلانەی کە وەریان گرتوە و پاراستنی کەل و پەلەکان لە ئەستۆی قوتابی / خوێندکاردایە، ئیدارەی بەشەناوەخۆیی بەرپرس نییە لە دیار نەمان و بزر بوونیان.

٥. ڕێزگرتن و گوێڕایەڵی سەرپەرشت و ستافی کارگێڕی بەشەناوەخۆییەکان و پابەند بوون و جێبەجێکردنی ئەو داواکاری و ڕێنمایانەی کە ئاراستەیان دەکرێت و لە تابلۆی ئاگادارکردنەوە هەڵدەواسرێت.

٦. پاک ڕاگرتنی بەشەناوەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە پیسکردن و تێکدانی سیمای بەشەناوەخۆیی و زیانگەیاندن بە ڕووبەری سەوزای و پیسکردن و نوسین لەسەر دیوار و فڕێدانی پاشماوە لە ڕاڕەوەکان هەر کارێک کە زیان بە ژینگەی بەشەناوەخۆیی بگەیەنێت.



Scanned with CamScanner

**پێنجەم: قوتابی خوێندکار لە بەشی ناوەخۆیی و بێبەشدەرکرێت و دووردەخرێتەو لە حاڵەتانەی خوارەوە:-**

١. ئەگەر کارێکە ئەنجامدا لەگەڵ داب و نەریت و خورەوشتی کۆمەڵگا نەگونجا.
٢. خواردنەوەی ماددەی بێهۆشکەر و سەرخۆشکەر لەناو باڵەخانەی بەشەناوەخۆییدا.
٣. نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە بەشی ناوەخۆیی، یاخود دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەران و ستافی بەشەناوەخۆییەکان.
٤. لە کاتی دووبارە بوونەوەی سزادرانی بە (سەرزەنشتکردن و ئاگادارکردنەوە و بێبەشکردنی بۆ ماوەیەکی کاتی).
٥. ئەگەر قوتابی/ خوێندکار دوورخرایەوە لە کۆلێژ و پەیمانگە بە هەر هۆیەک بێت بە هەمان شێوە دوور دەخرێتەوە لە بەشەناوەخۆیەکان.
٦. حکومدرابێت بە تاوانێک، یاخود کەتنێک دژی شەرەف.

Scanned with CamScanner

٧. پابەندبوون بە کاتی هاتنەوە و چوونەدەرەوە لە بەشەناوەخۆییەکان.

٨. لە کاتی ئەنجامدانی چالاکی و گەشتی زانستیدا، پێویستە هەفتەیەک پێشتر و بە یاداشتی فەرمی ئیدارەی بەشەناوەخۆیی لێ ئاگاداربکرێتەوە و لیستی ناوی ئەو قوتابی/ خوێندکارانە پێشکەش بکرێن کە لەو چالاکی و گەشتەدا بەشدارن، لەگەڵ ئاماژەدان بە ناوی ئەو مامۆستایەی سەرپەرشتی چالاکی و گەشتەکە دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی لە کاتی درەنگ هاتنەوە و دروستبوونی هەر حاڵەتێکی نەخوازراو هاوکاری و یارمەتی بدرێن.

٩. پێویستە قوتابی/ خوێندکار لە کاتی ڕۆیشتن و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لە کاتی پشووەکانی هەفتەدا ناوی خۆی لە ئیدارەی بەشەناوەخۆیی تۆمار بکات، بە پێچەوانەوە بە ئامادە نەبوو ئەژمار دەکرێت.

١٠. ڕادەستکردنەوەی ژوور و ئەو کەل و پەلانەی لە ئەستۆی قوتابی/ خوێندکاردایە لە کۆتایی ساڵ و پێش جێهێشتنی بەشەناوەخۆیی بەو شێوەیەی کە وەری گرتوون.

١١. هەر قوتابی/ خوێندکارێک پابەنی کاتی مانەوە نەبێت، بە پێی ڕێساکانی نەهاتن ژوورەکەی لێ وەردەگیرێتەوە.

١٢. بەبێ ڕەزامەندی کارگێری بەشەناوەخۆیی نابێت ژوورەکەی بگۆڕێت.

١٣. نابێت هیچ کەل و پەلێکی بەشەناوەخۆیی ببرێتە دەرەوە، وە هەر قوتابی/ خوێندکارێک کەل و پەلی خۆی هێنا دەبێت لە کارگێری بەشەناوەخۆیی تۆمای بکات بە پێچەوانەوە لە کۆتایی ساڵدا مافی بردنە دەرەوەی نابێت.

١٤. هەموو کۆڕ و کۆبونەوەیەک هەڵواسینی هەموو جۆرە ڕێکلامێک دەبێت پێشتر ڕەزامەندی کارگێری بەشەناوەخۆیی لەسەر بێت و ئاگادارکرابێتنەوە، بە پێچەوانەوە توشی ڕێکاری یاسایی دەبنەوە.

١٥. لە هەموو ژوورێکدا وێنەیەک لە لیستی کەل و پەلەکان هەڵبواسرێت کە لە ئەستۆی قوتابی/ خوێندکاردایە، بە پێچەوانەوە لە کۆتایی ساڵدا بەرازیمە (ئەستۆپاکی)یان بۆ ناکرێت.

١٦. لە کاتی زیانگەیاندن بە کەل و پەلی بەشەناوەخۆیی، قوتابی/ خوێندکار بە دووهێندەی بڕی پارەی چاککردنەوە غەرامە دەکرێت، ئەگەر ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە کارەکەی کردووە نە ناسراو بوو ئەوە چاککردنەوەی کەل و پەلەکان دەکەوێتە ئەستۆی هەموو قوتابی/ خوێندکارانی ژوورەکە یاخود چێشتخانە ، ڕێرە و گەرما ...هتد.

١٧. ئەگەر قوتابی/خوێندکار ویستی شەو لای خزمێکی بمێنێتەوە یاخود نەگەڕێتەوە بەشەناوەخۆیی، پێویستە سەرپەرشتیار ئاگاداربکرێتەوە و مۆڵەت وەربگرێت، وە پێوستە کارگێری بەشەناوەخۆیی وێنەیەک لە مۆڵەتەکە هەڵبگرێت و بەخێوکەری قوتابی/ خوێندکاری لێ ئاگادار بکاتەوە.

١٨. لە کاتی هەبوونی هەر گیروگرفت و خراپبوونێک لە ناو ژوور و کەل و پەلە گشتیەکان، کارگێری بەشەناوەخۆیی ئاگادربکرێتەوە و فۆرمی تایبەت بەم مەبەستە پربکاتەوە.



Scanned with CamScanner

١٩. پێویستە قوتابی/ خوێندکار بەشەناوەخۆیی وەک ماڵی خۆی سەیر بکات و زیادەڕەوی نەکات لە بەکارهێنانی ( ئاو و کارەبا و غاز ...هتد).

**چوارەم: ئەو کارانەی قوتابی خوێندکار نابێت بیکات و قەدەغەیە:-**

١. بەکارهێنان و بردنە ژوورەوەی ماددەی کحولیە سەرخۆشکەرەکان و مادده بێهۆشکەرەکان لە ناو بەشەناوەخۆییەکاندا قەدەغەیە.

٢. هێنانی میوان و کەسانی تر بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە و رێگا پێدراو نییە.

٣. بەکارهێنانی ئامێرە دەنگیەکان و بەرزکردنەوەی دەنگ (تەلەفزیۆن و رادیۆ و مسجل ..هتد) بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

٤. هێنانی چەک و دەم بۆکس و ئامێری بریندارکەری تر بۆ بەشەناوەخۆیی بە هیچ شێوەیەک رێگا پێدراو نییە.

٥. هاتوچۆ کردن لە پەیژەکانی سەلامەتی و پەرژین (سیاج) وە هەر رێگایەکی تری نا فەرمی قەدەغەیە.

٦. دەستدرێژی کردن و نواندنی رەفتاری نەشیاو بەرامبەر سەرپەرشتیار و کارگێری و کارمەندانی بەشەناوەخۆیی بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

٧. سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی و سیاسی بڵاوکردنەوەی ناوچەگەری قەدەغەیە.

٨. ئەنجامدانی هەر هەڵسەکەوت و رەفتارێک ببێتە هۆی زیانگەیاندن و لەکەدار کردنی ناو و ناوبانگی زانکۆ و بەشەناوەخۆیی قەدەغەیە.

٩. نابێت بە هیچ شێوەیەک نێرگەلە بهێندرێتە ناو بەشەناوەخۆیی.

١٠. بەخێوکردنی هەموو جۆرە ئاژەڵ و گیانلەبەرێک لەناو باڵەخانەی بەشەناوەخۆیی رێگاپێدرا و نییە.

١١. کەل و پەل لە ژوورێک بۆ ژوورێکی تر بگوازرێتەوە بە بێ رەزامەندی کارگێری بەشەناوەخۆیی قەدەغەیە.

١٢. بەکارهێنانی یاریە ئاگرینیەکان و یاخود هەرشتێک کە ئاگری لێبکەوێتەوە رێگا پێدراو نییە.

١٣. جل و بەرگی نەشیاو لە دەرەوەی ژوودا رێگا پێدراو نییە.

١٤. هەر قوتابی/ خوێندکارێک پشتگیری ساختە بکات بۆ وەرگرتن لە بەشەناوەخۆیی توشی ئیجرائاتی یاسایی دەبێتەوە.

١٥. بەکارهێنانی هیتەری کارەبایی بە هەموو جۆرەکانییەوە قەدەغەیە.

١٦. شوێن گۆڕین (جێگۆڕکێ) قوتابی/ خوێندکار لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر بە بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی کارگێری بەشەناوەخۆیی قەدەغەیە.



Scanned with CamScanner